

# هەندێ نوکتە و بەسەرهاتی ژیانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی

فەقێیەك هەوای شیعر وتن ئەكەوێتە سەری و چەند شیعرێك دائەنێ و ئەیبا بۆ شێخ ڕەزا كە تەماشای بكاو پەسەندی بكا. شێخ ڕەزا كە سەیری ئەكا، سەرێكی بۆ با ئەداو ناشیەوێ دڵی فەقێكە بشكێنێ، پێی ئەڵێ خراپ نییە، فەقێ ئەمەی پێ خۆش ئەبێ ئەڵێ دەسا قوربان ئەبێ ئەوەش بزانی كە ئەمەم لەسەر ئاودەست داناوە. شێخیش ئەڵێ: بەڵێ ڕاست ئەكەی هەر كە سەیرم كرد ئەو بۆنەی لێ ئەهات.

***

شێخ ڕەزا جارێك ئەچێتە سلێمانی هەندێ لە ناحەزەكان ئەیانەوێ كارێكی وای لەگەڵ بكەن كە لەناو خەڵكا بیشكێنن و حەیای بەرن، هەتیوێكی لێ تاو ئەدەن كە شوێنی كەوێ، هەتیوە ئەچێ لەناو كۆڕێكا ئەیگرێ و ئەڵێ: یا شێخ لەبیرتە كە پێرێ شەوێ یەخەت گرتبووم ئەتویست خراپم بكەیت و من هەڵاتم؟ شێخ ئەڵێ: "بەڵێ لە بیرمە یەخەتم گرتبوو، بەڵام لە بیرم نییە كە هەڵاتبویت".

****

شێخ ڕەزا جارێك ئەچێتە سلێمانی تەماشا ئەكا وا ژنێك كچێكی داوەتە پێش خۆی و ڕێ ئەكەن، لێی ئەپرسێ: خوشكم وا دیارە ئەو جوانە ماینەت داوەتە پێش بە تەڵەبە، بۆ لەمنی چاك ناكەی؟ ژنەش ئەڵێ: "باوكی پێی نەوتووم لە كەری چاك بكەم".

****

جارێك شێخ ڕەزا هەر لە سلێمانی لە كۆڵانێكا تووشی كچێك ئەبێت زۆر بە گورجی ئەڕوا، پێی ئەڵێ: كچم هێواش بڕۆ با مقەستەكەت كول نەبێ، كچەش خێرا ئەڵێ:" مامە ئەگەر كولیش بێ بەشی بەرسمێڵی تۆی هەر ئەمێنێتەوە".

****

شێخ ڕەزا لە دیوەخانی سەید عەبدولڕەحمانی نەقیب لە بەغدا ئەبێ، نان دائەنێن، لەگەڵ نانەكەدا پڵاویش دائەنێن، بەدەم نانخواردنەوە قسە ئەكەن، دكتۆرێكی هیندیش لەوێ ئەبێ، قسە لەوەوە ئەكا كە گیاو دارو دەوەن ڕۆنی لێ ئەگیرێت و ڕۆن زەیت هەیە، شێخ ڕەزا ئەڵێ من بڕوا بەم قسەیە ناكەم، دكتۆرەكە ئەڵێ چۆن بڕوا ناكەی، ئەمە بە تاقیكردنەوە دەركەوتووە كە ڕاستە. شێخ ڕەزاش ئەڵێ:" منیش بە تاقیكردنەوە بۆم دەركەوتووە كە وا نییە، ئەگەر ئەم قسەیە ڕاست بوایە ئێستە ئەم برنجەی ماڵی نەقیب ڕۆنی تیا ئەبوو"

****

شێخ ڕەزا سواری ئێسترێك ئەبێ ئەچێ بۆ لای (ئەمین ئاغا)ی كۆیە، پیاوەكەی ئەمین ئاغا دێت ئێسرەكەی بگرێت. لەو كاتەدا ئێستر لە قەیەك ئەهاوێژێ، كابرا ئەسڵەمێتەوە. شێخ ڕەزا پێی ئەڵێ:" مەترسە ئەمینە"، وا ئەمین ئاغاش وەستاوە، گورج هەڵئەداتێ ئەڵێ:" بەڵێ ئەگەر بشیگێت ڕەزایە".

***

شێخ ڕەزا جارێك زەمی حاجی مستەفای قیردار ئەكا، ئەڵێ: ئەبێ لەگەڵ (دانیال)ە گاوردا دەستیان ببەستم بە دەستی یەكەوە و بیانخەمە بیرێكی پیسایییەوە. حاجی مستەفا ئەمە ئەبیستێتەوە ئەچێتە لای شێخ عەلی، برا گەورەی شێخ ڕەزا، شكات ئەكا، ئەڵێ: لەگەڵ دانیالە گاورا منی كردووە بە یەك. شێخ ڕەزا ئەچێ بۆ تەكیە، شێخ عەلی تووڕە ئەبێ، ئەڵێ ئەرێ شێخ ڕەزا تۆ بۆچ ئەوەنە بێ دەرەتانی، ئاخر نازانێ حاجی مستەفا سەر بە ئێمەیە و دۆستایەتی لە بەینمانا هەیە، تۆ چۆن دێنێ لەگەڵ (دانیال)ە گاورا ئەیانكەی بەیەك و زەمی ئەكەی؟ شێخ ڕەزا ئەڵێ:" كاكە زۆر سەیرە، ئێستە كە هاتم بۆ ئێرە (دانیال)ە گاور خۆی گرتبوو لە قوڕ، سەری ڕێی پێ گرتم، وتی من ئەوەم پێ ناخۆش نییە كە زەمت كردووم، بەڵام كەسی ترت نەدۆزییەوە حاجی مستەفا نەبێ، بمانكەی بە یەك".

****

شێخ ڕەزا و وەسمان پاشای جاف ئەكەونە شەڕە شیعر، شێخ ڕەزا بە شیعر دەست ئەكا بە قسە وتن بە وەسمان پاشا، پاشایش ئەڵێ:" یا شێخ من شیعر و میعر نازانم وە كوردی هەردوو گونم وە قنگت".

****

شێخ ڕەزا لەگەڵ وەسمان پاشای جافدا سەروسەودای هەبوو، زۆر جار هاتوچۆی ئەكرد، هەروەها لەگەڵ خانمی وەسمان پاشادا ئەو ناسراوییەی هەبوو، ڕۆژێك شێخ ڕەزا بە وەسمان پاشا ئەڵێ:" پاشام ئەركێكی زۆری عەشرەتی جافت بە سەرەوەیە، ئەم عەشرەتە گەورەیە ئیدارەی ئەوێ، ئەم دیوەخان و دەواری دوانزە ئەستوونییە ئیدارەیەكی تری ئەوێ، تۆ خۆتت كەنار گرتووە، خانم ئیدارەی عەشرەتەكە ئەكا، حەقیقەت سەروكاری دیوەخان و میوان و میواندارییش ئەكا، بەڵام ئەمە بۆ ئەو ئەركێكی زیادە لە تاقەت، خواش قبووڵی نییە. خانەدان و بنەماڵەی بەناوبانگ زۆرن لەو كوردەوارییە، ئەتوانی ژنێكی تر لەو خانەدانانە بێنێت، ئەو سەروكاری دیوەخان و میوان، خانمیش یەكچاو ببێتەوە بۆ عەشرەتداری و ئیدارەی ئەم تۆپی جافە. شێخ ڕەزا بەم جۆرە دڵی وەسمان پاش كرمێ ئەكا، ئەم قسەیە ئەگاتەوە بە خانم، خانم لە شێخ ڕەزا تووڕە ئەبێ و ئەنێرێ ئەیهێنن، پێی ئەڵێ: شێخ ڕەزا تۆ چۆن قسەی وەهات لای پاشا كردووە، گوایە من كە (عادلە) بم و لە بنەماڵە گەورەكانی سنە بم وەكو ئیدارەی عەشیرەتداریم پێ ئەكرێ، ئیدارەی دیوەخان ومیوانداریم پێ ناكرێ؟ شێخ ڕەزا ئەڵێ: خانم من قسەی وام نەكردووە و بە درۆ ئەمەیان بۆ هەڵبەستوم، خانم ئەڵێ چۆن، لەوانەیە من ئەمەم لەناو چاو پاشاوە خوێندبێتەوە؟ شێخ ڕەزا ئەڵێ ئەمەی پێ ناوێ لەگەڵ پاشا ڕووبەڕوومان بكەرەوە ئەگەر من قسەی وام كردبوو ئەو وەختە تۆ هەقی گلەییت هەیە. ئەتوانی ئەوی لە دەستت دێ بەرامبەر بە من بیكەی خانم ئەڵێ باشە.

بۆ سبەینێ خانم كۆڕێكی سێ قۆڵی بۆ خۆی و شێخ ڕەزا و وەسمان پاشا ڕێك ئەخاو سێبەسێ دائەنیشن. خانم ئەڵێ شێخ ڕەزا ئەوە تۆو ئەوە وەسمان پاشا، فەرموو قسەكانی خۆت بگێڕەوە. شێخ ڕەزا ئەڵێ قسەی چی، خانم ئەڵێ ئەو قسانەی كە هانی پاشا ئەدەی ژنی تر بێنێ! ئەڵێ: خانم ژنی تری چی، ئەوە پاشا خۆی بە ڕووەوەیە، تۆش دانیشتووی، پاشا وەكو لەناو چاویا خوێندبوومەوە لەبەر ئەوەی كە تۆ ئەركێكی زۆرت بە سەرەوەیە دەیویست ژنێكی تر بێنێ، ئەو خەریكی دیوەخانان و میوانداری بێ، تۆش سەروكاری عەشرەتەكە بكەی، منیش وتم پاشا شتی وا مەكە، هەوێ لە بەینی یەكا ڕێك ناكەون، ئەوی بە خانم نەكرێ بە كەسی تر ناكرێ، ئەگەر ژنێكی تر دێنێت وەكو تۆپی منداڵانت لێ دێ بە دەستیانەوە، ئەو فڕێت ئەدا بۆ ئەو، ئەو بۆ ئەو! ئەگەر دوو ژن دێنێت وەكو مەنجەڵی سێ كوچكەی ئاگردانت لێ دێ هەر ئەبێ دەست بكەی بە كوڵان و جۆشدان بەسەریانەوە، هیچیشت لە دەست نایە، ئەگەر سێ ژنی تر دێنیت وەكو چوار گوریسی دەوارت لێ دێ هەر یەكە بە لایەكا ڕات ئەكێشێ، تۆیش لەو ناوەدا پرزەت ئەبڕێ، خانم من ئەمەم وتووە.

خانم ڕەنگێكی سوورو گەش هەڵئەهێنێتەوە، هەر لەو وەختەدا بانگ ئەكا خەڵاتێكی باش بۆ شێخ ڕەزا ئەهێنن و ئەڵێ: لە بڕوێش و كەشك و دۆینەش بار بكەن با شێخ ڕەزا بینێرێتەوە بۆ مناڵەكانی و ئەڵێ: یا شێخ هەموو جار هەر قسەی وا بكە. وتی چۆنی ناكەم خانم، لەولاوە وەسمان پاشا ڕەنگ لە ڕوویا ئەپەڕێ، شێخ ڕەزاش ئەڵێ:" وەسمان پاشا تۆ هیچت لە دەست نابێتەوە، هەموو شت هەر لایەقی خانمن، بەخوا سا هەموو جار هەر قسەی وای بۆ ئەكەم كەیفی خۆتە!"

****

شێخ ڕەزا جارێك تووشی ژنێك ئەبێ لە سلێمانی زۆر بە لەنجەو نازەوە ئەڕوا، پێی ئەڵێ: بووكێ با تۆزێ پێكەوە بنووین، بزانم تۆ خۆشتری یا ژنەكەی خۆم، ژنەكەش بەبێ پشوو پێی ئەڵێ: یا شێخ ئەمەی پێ ناوێ، ئەم پرسیارە لە مێردەكەم بكە ئەو لەگەڵ منیش نووستوە و لەگوڵ ژنەكەی تۆیش)). شێخ ئەڵێ خوا بتانگرێ خەڵكی سلێمانی.

****

ئەگێڕنەوە شێخ ڕەزا کە یەکەم جار ئەچێ بۆ ئەستەموڵ، چەند مەلایەکیش هەر لە کەرکوکەوە ئەچن بۆ ئەوێ، لەوێ یەك ئەگرنەوە. داوای زیارەتی سوڵتان عەبدولحەمید ئەکەن، بۆ هەموو لایەکیان یەك کات دائەنرێت، هەموو لەو کاتەدا لە کۆشکی عەبدولحەمید کۆ ئەبنەوە و بە یەکەوە ئەچنە ژوورەوە، شێخ ڕەزا لە خوار هەموویانەوە دائەنیشێ، بە ڕێکەوت لە سەرەی قسەدا باسی ترشیاتی کەرکوك دێتە پێشەوە، یەکێکیان لە مەلاکان باسی گێزەری ناو ترشیات ئەکا کە زۆر خۆشە، عەبدولحەمیدیش ئەپرسێ گێزەر چییە؟ ئەوانیش هەریەکە تەعریفێکی بۆ ئەکەن، بەڵام عەبدولحەمید لە هیچیان تێناگات. شێخ ڕەزا زەردەخەنەیەك ئەکات، عەبدولحەمید ئەڵێ: ها قۆجە تۆ چی ئەڵێیت؟ ئەویش هەڵئەسێتەوە سەر پێ، ئەڵێ: پاشام گێزەر شتێکی وایە لە ڕووی شێوەدا تەعریف ناکرێ، عەبدولحەمید ئەڵێ: ئافەرین قۆجە تێگەیشتم!)).

****

شێخ ڕەسوولی پڵاوخۆر لای مەحموود پاشا ئەبێ لە هەڵەبجە، دوای چەند ڕۆژێ ئەڵێ ئەبێ بگەڕێمەوە بۆ سلێمانی لەوێوە بچم بۆ کەرکووك، مەحموود پاشا ئەڵێ کەواتە ئەم حەوت سەد لیرەیەی منیش لەگەڵ ئەم کاغەزەدا ببە بۆ شێخ عەلی تاڵەبانی بۆم ئەدا بە موڵك، شێخ ڕەسووڵ پارەکەو کاغەزەکە وەرئەگرێ و ئەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، لەوێوە ئەچێ بۆ کەرکووك. کە ئەچێتە تەکیە تەماشا ئەکات هێشتا شێخ عەلی نەهاتووە، بەڵام شێخ ڕەزا بە تەنیا لە ژوورەکەی خۆی دانیشتووە، ئەمیش ئەچێتە لای شێخ ڕەزا دائەنیشێ، لەپاش کەمێ کەچاو ئەکاتەوە شتێك ئەبینێ کە کراوە بەسنگێکا، ئەڵێ شێخ ڕەزا ئەوە چییە؟ ئەویش ئەڵێ ئەوە چەتری مائییە لە ئەستەمووڵەوە بۆیان ناردووم بە دیاری، هێشتا ئەمە نەهاتووە بە عێراقا. ئەمیش ئەڵێ: ئا کامەتا؟ شێخ ڕەزاش هەڵئەستێ چەترەکەی بۆ دائەگرێ و نیشانی ئەدا کە چۆن هەڵئەدرێ و چۆن دائەدرێتەوە، شێخ ڕەسووڵیش زۆری حەز لێ ئەکات، ئەڵێ یا شێخ ئەمە با بۆ من بێ، شێخ ڕەزاش لەڕوو دائەمێنێ و ئەڵێ: پیرۆزت بێ. پاش تۆزێکی تر شێخ ڕەسووڵ ورد ئەبێتەوە تەماشا ئەکات شتێك لە سووچێکی ژوورەکە دانراوە، ئەڵێ ئەی ئەوە چییە یا شێخ؟ ئەویش ئەڵێ ئەوە جاخێك توتنی بێشەمەیە بە دیاری بۆم هاتووە، ئەمیش ئەڵێ: ئا کامەتا؟ ئەویش ناچار ئەچێ بۆی ئەهێنێ، ئەمیش سەبیلێکی لێ تێئەکات و مژێکی لێ ئەدا، مەستی ئەکات بەبۆن و بەرامەی خۆش، شێخ ڕەسووڵ ئەڵێ: بەخوا یاشێخ تۆ ئەو جۆرە شتانەت زۆر بۆ دێ، ئەمیشیان با بۆ من بێ، شێخ ڕەزا ئەڵێ: یا شێخ تۆ ئەمڕۆ بە شێخ ڕەسووڵی پڵاوخۆر ناسراوی، بەڵام بەخوا تۆ پیاو خۆریت، ئەم خەڵکە لە ترسی شیعر و زمانم لە هەموو لایەکەوە دیاریم بۆ ئەنێرن کەچی تۆ بە هەناسەیەك ماڵت وێران کردم و کردەی ساڵێکت بردم، شێخ ڕەسووڵیش دەست ئەکا بە پێکەنین، تووتنەکەش لای چەترەکەوە دائەنێ. ئەمجا شێخ ڕەسووڵ بە شێخ ڕەزا ئەڵێ: مەحموود پاشای جاف حەوت سەد لیرەی بە منا ناردووە بۆ شێخ عەلی کە بۆی بدا بە موڵك، بەخوا ئەو موڵکەی بەحەوت سەد لیرە بکڕێ بە شەش سەدو نەوەدیش هەر ئەکڕێ، کەواتە با دە لیرەی لێ دەربێنین، پێنجی بۆ تۆ پێنجی بۆ من، شێخ ڕەزاش شتی وای لە خوا ئەوێ، هیچیان نازانن کە مەحموود پاشا لە کاغەزەکەیا ژمارەی لیرەکانی نووسیوە بۆ شێخ عەلی. کە دە لیرەی لێ دەرئەهێنن ئەچن بۆ لای شێخ عەلی، خەڵکێکی زۆری لێ ئەبێ، شێخ ڕەسووڵ پارە و کاغەزەکە لەبەر دەمیا دائەنێ، شێخ عەلی کە کاغەزەکە ئەخوێنێتەوە بە حەمەی وەستا فەتاح ئەڵێ (کە صندوقداری ئەبێ) ئەم لیرانە بژمێرە، کە ئەیانژمێرێ تەماشا ئەکا شەشسەد و نەوەد لیرەیە، شێخ عەلی ئەڵێ مەحموود پاشا لە کاغەزەکەیا نووسیویە حەوت سەد لیرەیە. شێخ ڕەسووڵ بە شەرمەوە تەماشای شێخ ڕەزا ئەکات، شێخ ڕەزایش هەروەها، دانیشتوانیش هەموو بە زەردەخەنەوە تەماشایان ئەکەن، شێخ عەلی تێ ئەگات و بە سندوق دارەکەی ئەڵێ، لە عومری خۆم ئەوەندە شەرمەزار نەبووم)).

****

مەلا سەعیدی مەلا قادر کە مامی (جەلال صائبو جەمیل صائب) بووە، ئەگێڕێتەوە، ئەڵێ: شێخ ڕەزا دەستووری وا بووە کە هەر چەند بە تەنیا لە ژووری خۆیا بوایە لەسەر گازی پشت ئەکەوت، زۆرجار قاچیشی هەڵئەنا بە دیواراو بە منی ئەوت: سەعە ئینجا قسەی قۆڕم بۆ بکە، مەلا سەعید ئەڵێ منیش هەرجارە باسێکم بۆ ئەکرد. ڕۆژێك باسی یەکێکم لە پیاوانی سلێمانی بۆ کرد. وتم قوربان ئەم کابرایە کێری ئەوەندە زلە هەرچەند لە ئاودەستخانەی مزگەوتی خۆیان میز بکات، تارات ناگرێ بەڵکو کێری ئەگرێو ئەیکا بە حەوزی ئاودەستخانەکەدا، مەلا سەعید ئەڵێ شێخ ڕەزا دایە قاقای پێکەنین و لە خۆشی قسەکە هەردوو قاچی بەرز کردوە شڵپ ماڵی بە زەویدا، منیش وتم یا شێخ تۆ هەر بە باسی کێری کابرا هاتیتە تەڵەب، مەلا سەعید ئەڵێ کە وام پێ وت هەستایە سەر قنگ وتی سەعە ئەوەتەی من هەم کەس قسەی وا قورس و لەباری پێ نەوتووم، هەتا لە سلێمانیم ئەم قسەیە نەگێڕیتەوە بۆ کەس، مەلا سەعید ئەڵێ تا شێخ ڕەزا نەگەڕایەوە ئەم قسەیەم بۆ کەس نەکرد.

****



لە ئەستەمووڵ بەیانییەك شێخ ڕەزا ژنێکی زۆر جوان ئەبینێ، پێی ئەڵێ: ئیمانم، بۆ کوێ ئەچێت؟ ئەویش ئەڵێ: ئیمانتیان گاوە، ئەچێ بۆ حەمام.

****

جارێ شێخ ڕەزا چەند میوانێکی ئەبێ، باسی زیرەکی خەڵکی سلێمانییان بۆ ئەکا، ئەوانیش ئەڵێن، بەڵێ زیرەکیان هەیە بەڵام نەك بەم ڕەنگەی جەنابتان باسی ئەکەی، ئەویش ئەڵێ: بەڵێ لەوەش زیاترە. بەڕێکەوت لەوکاتەدا گێزەر فرۆشێك بە کۆڵانەکەی تەکیەدا ئەڕواو هەر ئەڵێ (های گێزەر)، شێخ ڕەزا ئەڵێ ئەوە خەڵکی سلێمانییە، ئا بانگی کەن، کە دێت شێخ ڕەزا ئەڵێ گێزەر بەچی ئەفرۆشیت؟ کابرا ئەڵێت بە هەموو شتێکی ئەفرۆشم، بە پارە، بە نان، بە پێڵاوە کۆن..هتد، شێخ ڕەزاش ئەڵێ ئەی بەگووی نافرۆشیت؟ ئەویش سەردائەخاو بێدەنگ ئەبێ.. شێخ ڕەزاش ئەڵێ بۆ وەڵامت نییە؟ ئەویش سەر بەرز ئەکاتەوە و ئەڵێ بە (گوو)شی ئەدەم ئەگەر بە کێری خۆم دەری بێنم!! شێخ ڕەزا ڕوو ئەکاتە میوانەکانی و ئەڵێ نەموت خەڵکی سلێمانی بە توور فرۆش و کەوەرفرۆش و گێزەر فرۆشیانەوە هەموویان زیرەکن!!

****

لە سەفەرێکی ئەستەمووڵدا شێخ ڕەزا ئەچێ بۆ لای (نامیق کەمال)ی شاعیری گەورەی ئەو سەردەمەی تورکیای عوسمانی، شێخ ڕەزا بە جل و بەرگێکی مەلایانەی کوردەوارییی لای خۆمان و نامیق کەمالیش لە یەکێ لە کۆشك و سەرا جوان و ڕازاوەکانی ئەو شارەدا ئەبێ. شێخ ڕەزا لە هۆڵی چاوەڕوانی دائەنیشێ، نامیق کەمال لە یەکێ لە خزمەتکارەکانی ئەپرسێ، ئەمە کێیە؟ شێخ ڕەزا گوێی لە پرسیارەکەی ئەبێ، لەبەر چاوی دانیشووانی دیوەخاندا ئەڵێ: (فحول اهل کمالکم)، نامیق کەمال کە ئەم وەڵامە ئەبیستێ دێتە خوارەوە ئەڵێ: شێخ ڕەزا بە خێر بێی))

****

شێخ ڕەزا جارێك ئەچێتە دێی(باداوا) کە سەر بە ناحیەی لەیلانە، ئەبێ بە میوانی خزمێکی کە کۆنە ژنی تەڵاقدراوی شێخ ڕەزای مارە کردبۆوە، خانەی خوێیەکەی پێی ئەڵێ: شێخ ڕەزا ئاگادار بە حەوشە چاڵی (عارەب قوزی) لێیە، تاریکەشەوە نەکەویە ناویەوە، ئەویش ئەڵێ: قەیناکا بشکەومە ناوی ناترسم، کۆنە چاڵی خۆمە!))

****

سەرچاوە: دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی – بەشی کوردی – دوو پاشکۆ، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی شێخ محەمەدی خاڵ، ئامادەکردنی بۆ چاپ، ئومێد ئاشنا، پێداچوونەوەی: د. کەمال فوئاد، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاو کردنەوە، سلێمانی – 2003.


هێمن
بولبولی باڵ شکاوی وەختی گوڵ
ڕۆڤار
18


حەمە ساڵح دیلان
لە پاییزدا بەهاری دێتەبەر
ڕۆڤار
23


شاکیر فەتاح
شەهیدی بیروڕا دەربڕین
ڕۆڤار
26


ئەمین فەیزی بەگ
"سەربازێکی زانا و ئەدیبێکی سەرباز"
ڕۆڤار
20
نیگاری: حەمە کاکە